# سانا نی یه



سەرهەنگ خاموش
Xamosh_s@hotmail.com

**سانا نی یه**

ڕێ لە کاروانی چاوەکانت بگرم

لە ژێر تونێلی برژانگەکانت

وەنەوزێ بدەم

سەفەرێك لە سەرپشتی (با) بکەم

سڵاویك لە تریفەی مانگ و

جەژنانەیەك

لەگەڵ شەپۆڵەکانی جوانیت بکەم...

**سانا نی یه**

گرەوێ لە گەڵ ئەستێرەکانی شەو بکەم

سەر خەوێك لە ژێر تارمایی

کلێسەکانی هەندەران بشکێنم

لە سەر شانۆی دەریای تەمەنیشم

گوێ بۆ سیمفونیا بە سۆزەکانی

(کانی) شل کەم...

**سانا نی یه**

گوستیلەی سەوزی بەهار

لە پەنجە زەرد و سیسەکانی پایز بکەم

خۆزگە سەربڕاوەکانم

لە ژێر تاوێرەکانی نیشتمان

جێ بێڵم

ملوانکەی ئازارەکانیشم

لە گەردنی زیوینت بئاڵێنم...

مەگەر لە ژێر تارمایی هەورە کۆچەریەکاندا

سەیری پەنجەرەکانی غوربەت بکەم

بچمە ناخی بەستەڵەکی دڵت

تێکەڵ هیمۆگلۆبینی خوێنت بم...!!!